# هەڵپەکردنی کۆمپانیاکان لە کوردستان

**فەرەیدون حەمەڕەشید    سویسرا**
Faraidun_73@hotmail.com

2004

**خەڵکی کوردستان زۆر لە مێژەوە ئاخ و خۆزگەیانە بۆ دەستی ئاوەدانی ودنیایی شارستانیانەی سەردەم ..ئێستاش دوای ئەوئاڵوگۆرە سیاسیانەی عێراق و دیاری کردنی بودجەی تایبەت بۆ خەڵکی کوردستان لە داهاتی گشتی عێراق و هەم لە برە پارەی هەڵمەتی بنیاتنانەوەدا,خەڵکی کوردستان زۆر بە ئومێدەوە چاوەڕێن.**

**وەك وولاتانی پێشکەوتوو و ئەرکەکانی دەسەڵات بەرامبەر بە هاوولاتی , ببنەخاوەنی شوێنی نیشتە جێبوون وخزمەتگوزاریەکانی وەك , ئۆتۆبان,هێڵی ئاسن,**

**فرۆکەخانە, تونێل بۆکورتکردنەوەی ڕێگاوبانەکان, باڵەخانەی چەند نهۆمەو پارکی بەرفراوانی حەوانەوە,و زۆر پرۆژەی تری خزمەتگوزاری ..کەم تا زۆر یش هەڵمەتەکانی ئاوەدانکردنەوە بە چاوو دەبینرێت و درکی پێدەکرێت و. کۆمپانیایی خۆماڵی و دەرەکی لەهەڵپەی بەدەستهێنان و وەرگرتنی پرۆژەدان..**

**بیستوومانە یان بۆیان گێڕاوینەتەوە کەلە پێش زەردبوون و دورینەوەی پەڵەگە نمێکی جوان دا , پۆلە کولە داویانە بەسەر زەویەکی پڕ پیت دا,و تائەو کاتەی فریایی قەلاچۆکردنی کەوتوون قازانج سەری خاوەن ماڵی خواردووە..ئێستاش لەکوردستان نەك کولەباران ,کۆمپانیا بارانە بۆ بەگەڕخستنی سەرمایە گوزاری,**

**کۆمپانیاکان دەخوازن بەو تەندەرەی بەدەستی دێنن لەو پرۆژەیەی بۆیان دەردەچێت و جێبەجێی دەکەن, زۆرترین سەرمایەی خەیاڵی کەڵەکە بکەن,ئەم قازانجە**

**خەیاڵیەش بۆخۆی لەبازاڕی ئازادو سیتەمی کاپیتالیستدا وەك ئارەقی ناوچەوان حەلاڵە,و بە قەولی عەرەب ئەڵێت کێ نەخشی خۆی هێنا عەوافی,..**

**کۆمپانیا ناوخۆیەکانیش بەبێ ئەزموونی کارو مەرجەکانی کۆمپانیا , بەدەفتەرە دۆلارەکانی فلان لێپرسراوی ئەم لاو, فیسار لێپرسراوی ئەولا,بەجێدەهێڵێن بۆ**

**هەڵمەتەکانی گەندەڵی و ڕۆتین و ئەو زاراوەیەی ئەمرۆ لە میدیایی کوردی پێدەڵێن شەفافیەت ...**

**بەلاَم وەك دەڵێن دوای شەش مانگ بیناکان درزیان تێ دەکەوێ, و مەکتەبەکانیش بەرگەی هارووهاجی منداڵە بچووکەکان ناگرن, قیرتاوەکانی ڕێگاوبانیش لەگەڵ بارینی باران دا ئەبێتەوە بەتێکەڵە,,,.**

**بۆیە ئەوەی قابیلی قسەو خەمێکی گەورەیە بۆ خەڵکی کوردستان وئایندەی هەموولایەکمان ,بۆبەهەدەرنەڕۆشتنی ئەوهەولانەی بۆ ئاوادانی کوردستان بەرێوەیە**

**دانانی ئەندازیاری پسپۆڕ و چاودێرە لەلایەن دەسەلاتەوە .بۆچاودێری پرۆژەکان, کەویژدان زیندوو دڵسۆز بێت و چەندین هەزار دۆلارمەستی نەکاو بەرژەوەندی بالاَی خەڵکی کوردستان لەبەرچاوبگرێ ..........................**